حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی مێژوو - کورد

# راپەرینی یەکەمی بارزان بە رابەرایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی ( ١٩٣١ – ١٩٣٢ )

## لێکدانەوەیەکی مێژووییە

لێکۆڵینەوەی دەرچوونە وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مێژووی هاوچەرخی کورد پێکەش بە بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئەدەبیات کراوە

ئامادەکردنی
بەناز نصرالدین جادر بارزانی

بەسەرپەرشتی
د. دلشاد محمود عبدالرحمن

٢٧١٦کوردی ٢٠١٦زاینی ١٤٣٧کۆچی

# پێشەکی

بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی باشور بە گشتی و ناوچەی بارزان بەتایبەتی لە نێوان ( ١٩٣١ – ١٩٣٢ )، گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردا چونکە لەو ماوەیەدا بارودۆخی سیاسی بارزان بە هۆی سەرکردایەتی کردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە، گەلێك گۆڕانکاری و رووداوی سیاسی بەخۆیەوە بینی کە کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری، هەڵگری چەند تایبەتمەندییەك بووە وەك بۆردومانکردن و کوشتن و دەربەدەرکردنی خەڵکی ناوچەکە و راگواستنیان بۆ خوارووی عێراق... هتد.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە و قسەکردن لەسەری گرنگی هەبووە، سەرەتا گرنگی بابەتەکە لەلاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمان و لەکاتی گەڕان بە دوای سەرچاوەکاندا هەستمان بەوە کرد مێژووی ناوچەی بارزان لەباسکردنی ( راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان ) لە پەرتوکە مێژووییەکان دا زۆر بە کورتی لەسەری نوسراوە، وەك حەز و ئارەزویەك کەوتینە هەوڵ و کۆشش و گەڕان بەدوای سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکان و کۆکردنەوەیان بۆ ئەوەی بەشێوەی ئەکادیمی و زانستیانە بنوسینەوە بیانخەینە بەردەستی ئەو خوێنەرانەی لە دوای ئێمە بەدوای ئەو ماوەیەدا دەگەڕێن لە مێژووی هاوچەرخی گەلەکەمان.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکیەك و سێ تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، هەر تەوەرێکیش بەسەر چەند باسێك دابەشکراوە، لەتەوەری یەکەمدا بەشێوەیەکی ئاسۆیانە باس لە شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی کارگێڕی پاشاخانی مێژوویی بارزان کراوە، کە بە پێویستمان زانی پێش باسکردنی راپەڕینەکە هەوڵبدەین بۆ بەدەستهێنانی چەند زانیاریەکی پێویست لەسەر شوێنی جوگرافی ناوچەکە ئەو رووداو و پێشهاتانەی کە روویان داوە لەچ سوچێکی ناوچەکە بووە ئینجا ناو و رەچەڵەکی شێخانی بارزان و ئەو عەشیرەتانەی کە بە بارزانی ناویان دەرکردبوو، لەگەڵ چەند زانیاریەکی کەم لەسەر ژیانی شێخ ئەحمەد و بەڕێوەبردنی ناوچەی بارزان.

تەوەرەی دووەم بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی بەرپابونی راپەڕینەکە تەرخانکراوە، چونکە هەموو راپەڕینێك هۆکاری خۆی لەپشتە پێویستە سەرەتا ئەو هۆکارانە روونبکرێتەوە.

هەروەها لەم تەوەرەدا بایەخی ئەو تۆ بە کێشە و ململانێ ناو هۆزەکان و رووداوەکانی بەر لە راپەڕین واتە کێشە و ململانێ نێوان شێخ ئەحمەد و شێخ رەشیدی لولان کراوە و هەروەها سالأنی ( ١٩٣١ ) و بەرقی بەگ و هەڵوێستی و رۆلی حکومەت و سود وەرگرتن بۆ لەناوبردنی راپەڕین کراوە.

تەوەرەی سێیەمی توێژینەوەکە بۆ دانانی نەخشەی سوپای حکومەت بۆ گرتنی بارزان تەرخانکراوە، کە هەموو هێرشکردنێك پێویستی بە پلانی سەربازی هەیە تاکو بتوانین بە کەمترین ماوە زۆرترین قازانج بەدەست بێنن. هەر لەم تەوەرەیەدا لە دوای دانانی نەخشەی سوپای هەروەها بۆ تەواو بونی ئامادەکاریەکان ئەوا باسی لەشەری دولاڤاژی و پێکدادانی هەردوولا و ئاگربەستی کاتی دووبارە هێرش بردنی سوپای عێراق بۆ ناوچەکە و پەنابردنی شێخ ئەحمەد بۆ تورکیا کراوە.

کۆسپ و گیر و گرفتی بەردەم توێژینەوەکە، بونی کێشەی زمان و شێوازار یەکێ بو لەو کێشانەی هاتە پێش توێژینەوەکەمان، نەبونی ئەرشیفێکی تایبەت بە شۆرشەکانی بارزان، کەمی شارەزایی لە نوسینی ئەکادیمیی یەکێ بو لەو کۆسپانەی هاتە بەردەم توێژینەوەکە، جگە لە کەمی سەرچاوە لەسەر بابەتەکە ئەوا ئەو سەرچاوانەی بەدەستیشمان کەوتون تاڕادەیەك ناوەرۆکیان وەك یەك بو. زیاتریش لەلایەن کەسانی نەیار و کاربەدەستانی حکومەتەکانەوە نوسراوە، ئەوانیش لە بەرژەوەندی خۆیان تێدا رەچاو کردووە. یەکێ لە گرفتەکانی تر ئەوە بو چەند جارێك ناوچەی بارزان لەلایەن حکومەتەوە سوتێنراوە و بۆتە مایەی وێرانکردنی ناوچەکە لە هەموو بوارەکاندا، سەرەڕای ئەمانە کەسانی ئەو ماوەیە لە ژیاندا نەماون کە وەك چاو پێکەوتن سوودیان لێوەربگرین بۆ پەیداکردنی زانیارییە ونبوەکان، ئەوانەی لە ژیانیشدا ماون تەندروستیان لەبار نەبوە بیرو هۆشیان لە لاوازی دا بوە کە ئەمانە بونەتە رێگرتن لە بەردەم چاوپێکەوتنەکان.

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوە هەوڵدراوە سەرچاوەی بە پێزی زانستی و تایبەتمەند دەوڵەمەندتر بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك کتێبی رەسەن و بەڵگەی بەکارهاتونە کە توێژینەوەکەیان دەوڵەمەند تر و بەپێز تر کردووە وەك کتێبی ( بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ١٩٣١ – ١٩٣٢ ) نوسەرەکەی مسعود بارزانی یە، کەلە نوسینەوەی ئەو

ماوەیەدا پشتی بە گێڕانەوەی باوکی بەستووە و سەرچاوەیەکی نزیك و جێ باوەڕی بابەتەکە بووە لە هەموو تەوەرەکان بەکارم هێناوە. هەروەها کتێبی ( کارەساتی بارزان و زوڵملێکراو ) معروف چیاوك نوسەری ئەو کتابە بوە و هاوسەردەمی ئەو ماوەیە مێژوویە بوە، لە نزیکەوە شێخ ئەحمەدی بینیوە و ئاگاداری بارودۆخی ئەو کات بوە بۆیە لە تەوەری یەکەم و دووەم بەکارمان هێناوە، هەروەها ( راپەڕینەکانی بارزان لەبەڵگەنامە نهێنەکانی هەردوو حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا )ی وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدولا، کتێبێکی زۆر بەسود بوە و چەندین بەڵگەنامە و زانیاری گرنگی لەبارەی شۆڕش و راپەڕینەکانی بارزان تیادا تۆمارکراوە بۆیە لە تەوەری ( دووەم و سێیەم ) سودێکی زۆری پێگەیاندوین.

## تەوەری یەکەم : شوێنی جوگرافی دەڤەری بارزان و پاشخانی مێژوویی

### باسی یەکەم : شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی کارگێری و کۆمەلأیەتی دەڤەری بارزان

له رووی جوگرافیاوه ناوچەی بارزان له نێو سنوری لیوای هەولێر، دەکەوێته ئەو پەڕی باکوری کوردستانی عێراق، مێرگەسور مەڵبەندییەتی، سەر سێگۆشەی ئەو سنوره دەستکردانەی کوردستانیان دابەشکردووه بەسەر ( تورکیا – عێراق - ئێران ) لای رۆژئاوا قەزای ئامێدییه، لای رۆژهەلأتی قەزای رەواندزه، باشوری قەزای ئاکرێیه، باکوریشی سنوری تورکیایه[١]. که پێشتر ئەم ناوچەیه بەقەزای زێبار ناودەبرا[٢].

سەرەتا لەسێ ناحیه پێك دەهات ئێستا فراوانی به خۆوه بینیوه بوەته پێنج ناحیه ( پیران _ بارزان _ شێروان _ گورەتو _ مەزنێ )[٣]. له رووی پێگەی فەلەکیەوه دەڤەری لێکۆڵینەوه دەکەوێته نێوان بازنەی پانی ( ٣٨ : ٤٤ : ٣٦ ) ( ٤٨ : ٢٠ : ٣٧ ) باکور، هەردوو هێڵی درێژی ( ٤٢ : ٤٩ : ٤٣ ) ( ١٦ : ٣٤ : ٤٤ ) رۆژهەلأت، بەمەش ناوچەی لێکۆڵینەوه دەکەوێته ناوچەی پشتێنەی نیمچه خولگەی هاوینی مام ناوەند و وشك زستانی سارد و باراناوی. به گشتی له رووی بەرز و نزمیەوه، ناوچەی ناوبراو له نێوان بەرزی ( ٥٠٠ )م له ئاستی رووی دەریا لەبەشەکانی باشوری شارۆچکەی ( بلێ ) له ناوچەی بارزان بەرزدەبێتەوه بۆ ( ٢٨٠٠ )م له ئاستی رووی دەریا[٤].

ناوچەی بارزانیش چیای بەرزیشی تێدا هەڵکەوتووه وەك چیای شیرین بەرزاییەکەی ( ٢٣٧٩ )م، چیای پیران بەرزاییەکەی ( ٢٠٧٦ )م، چیای ئەلپ، چای برادۆست بەرزاییەکەی دەگاته ( ٢٠٥٨ )م، لەگەڵ چیای هورێ و قەلەندەر[٥].

---

(١) مسعود بارزانی، بارزانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، کتێبی یەکەم ( ١٩٣١ _ ١٩٣٢ )، ( وەرگێرانی : سەعید ناکام )، دهۆك، ١٩٩٨، ل١٨ .

(٢) کرمانج چالی و حازم سافیا و رازی دل، دەرگه هەك بو ناساندنا جینوسایدا بارزانیان دناڤبەرا سالێن ( ١٩٧٥ _ ١٩٩١ )، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٩ .

(٣) رێکارێ فرویری، سەربورا تراژیدیێن بارزانیان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٨ .

(٤) هەڵبەست عبدالرحمان تۆفیق، توانسته جوگرافیاکانی گەشه پێدانی چالاکی گەشتو گوزاری له قەزای مێرگەسور، (لێکۆڵینەوەیەك له جوگرافیای چالاکی گەشتو گوزاری )، نامەی ماستەر له کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلأحەدین هەولێر، ٢٠١٢، ل١٣٠ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه : پاشکۆی ژماره ( ١ ) بەرزی و نزمی ناوچەی بارزان، ه . س، ل٢٤ .

(٥) رەفیق رەهان مام خول، مستەفا بارزانی و رۆڵ و هەڵوێستی له پێشهاته سیاسیەکاندا ( ١٩٥٨ – ١٩٧٠ )، دووەمین چاپ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل٩.

له رووی سەرچاوەی ئاویشەوە دوو رووباری بەستوو دا دەڕوات له کۆتاییدا تێکەڵاوی رووباری ( دیجله ) دەبن ئەوانیش زێی گەورە درێژی دەگاتە ( ٤١٦٨ )م، سەرەتا رووبارەکە ئاراستەی باشوری رۆژهەڵات وەردەگیرێ له نزیك گوندی چاڵ له باکوری قەزای ئامێدی به ناوچەی بارزان دا تێدەپەڕێ بەرەو باشور دواتر له بلێ تێکەڵ به رووباری روکوچك دەبێت که دووەم سەرچاوەی ئاوییه له ناوچەکە له کۆتاییدا هەردووکیان لەگەڵ رووباری دیجله یەکدەگرن و تێکەڵ دەبن[1] .

به پێی سەرژمێریێکی ناو شۆڕش که له کۆتایی ساڵانی شەستەکان ئەنجام دراوە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە به ( ٣٥,٠٠٠ ) تا ( ٤٥,٠٠٠ ) کەس دەخەملێنن[2]، هەروەها ئەم ناوچەیە به پێی ئامارەکانی ( ١٩٦٧ ) له حەوت عەشیرەت پێك هاتووە که له کۆنەوە به خوێن و خەبات تێکەڵاوی یەکتر بوونە، شێخ عەبدولسەلامی دووەمی کوڕی شێخ محمد دیاری کردوون که ئەمانەن ( بەڕۆژی – نزاری – هەرکی – فروری – شێروانی – دۆڵەمەری – گەردی )، هەریەك لەم عەشیرەتانە له چەند گوندێك پێك دێت بۆ نمونە عەشیرەتی بەڕۆژی له ( بازێ – باڵندا – ئالیان – رەزبان – هەڤندکا – سالۆکا – ببان – هەسنێ – رتشە – هوستان ) پێکدێت[3]، وەك خێڵه و تیرەیەکی کوردی بارزانیەکانیش له ناوچه شاخاویەکان خەریکی ئاژەڵداریں، پیشەی سەرەکیان بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتە[4] .

### باسی دووەم : بنەچەی ناوی بارزان

سەبارەت به ناوهێنانی ناوی بارزان بیروبۆچونی جیاجیا له نێو نوسران بەدی دەکرێت، محمد بریفکانی دەڵێت : زۆر کەس وا دەزانن بارزان عەشیرەتێکە وەکو هەموو عەشیرەتەکانی تر بەڵام راستیەکەی وانیه، هچ عەشیرەتێك نیه بەناوی بارزان، بەڵکو گوندێکە له ناوچەی قەزای زێبار به خەڵکەکەی دەڵێن بەڕۆژی[5]، عەلائەدین سەجادیش پێی وایە ناوی بارزان له

---

(١) کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٣٣.

(٢) مامخان شێروانی، بارزان و رەچەڵەکی بارزانیان : ( لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی و مێژووی لەسەر بارزانیان تا بەهاری ١٩٧٤ )، لەندەن، ١٩٩٤، ل ١٩-٢٠ .

(٣) عەبدولرەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، عەشیرەتی بارزان له نێوان ساڵانی ( ١٩٣١ – ١٩٩١ )، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٢-١٣.

(٤) شاكر خصباك، العراق الشمالي، دراسة لنواحية الطبيعية والبشريتة، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص١٦٩.

(٥) محمد بریفکانی، چەند راستییەکی مێژوویی لەبارەی بارزانیەکانەوە، ( وەرگێڕانی : چەپەر )، ب.ش، ١٩٩٢، ل٨ .

وشەی ( بەرز )ەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو گوندە ڕێکەوتی دروست کردنی لە شوێنی بەرز و بڵند بووە، بۆیە پێیان وتوە بەرزان[1].

بۆچونێکی تر هەیە لەبارەی ناوی بارزان ئەویش کە دەڵێن ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر عەشیرەتی ( برازی )[2]، یاخود ناوی باپیرە گەورەی بارزانیەکانە کە مانای ماف هەڵگیر دێت، یان لە وشەی ( پارسان )ەوە هاتووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە بە مانای دەروێشان دێت[3]، مێژوونوسی گەورەی گەلەکەمان شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەدا ناوی بارزان دەگەڕێنتەوە سەر ناوی قەلایەکی زێباریەکان بەناوی قەلای ( بازیران )[4].

ئەگەر سەیر بکەین ناوەکە هەیە پێش ئەوەی شێخەکانی بارزان دەست بکەن بە شێخایەتی یەوە، واتا لە پێش سەردەمی ( شێخ تاج الدين ) گوندی بارزان هەبووە ناوی بارزان بووە، واتا ناوی ئەم ناوچەیە بەهۆی گوندی بارزانەوە هاتووە، کە مەڵبەندی شێخانی بارزانە[5]، بارزانە[5]، بە پێی بۆچونێکی تر ناوی بارزان لە ( بارەزان ) هاتووە کە واتای ( حامل الحق ) یان ڕاست زان دێت[6].

کاویس قفطان هەموو ئەو بۆچونانەی سەرەوە ڕەت دەکاتەوە پەسەندییان ناکات، بەڵکو ئەویش پێی وایە ناوی بارزان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ( دەروێشان )[7]، ئەدهەم بارزانیش هەمان بۆچونی هەیە و پێی وایە بارزانیەکان عەشیرەت نەبوونە، ئێستاش عەشیرەت نین[8].

---

(١) عەلائەدین سەجادی، شۆڕەشەکانی کورد و وە کورد و کۆماری عێراق، چاپخانەی ئەتلەس، تاران، ٢٠٠٥، ل١٤٦ .

(٢) برازی: ناوی عەشیرەتێکە لە کوردستانی باکور لە ناوچەی بۆتان نیشتەجێ بوون . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عەبدولونعیم غولامی، سێ قوربانیەکە، ( وەرگێڕانی : ئیسحان ئیروانی )، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٥ .

(٣) معروف چیاوك، کارەساتی بارزان و زوڵملێکراو ١٩٥٤، ( وەرگێرانی : ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل )، دووەمین چاپ، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٦ .

(٤) شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، ( وەرگێڕانی : م. هەژار )، سێ یەمین چاپ، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٣٦ .

(٥) مسعود بارزانی، س . پ، ل١٧ .

(٦) مەلا ئەیوب، پێداچوونەڤەك ل مێژوویا بارزان ( ١٨٢٠ – ١٩١٤ )، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٩ .

(٧) کاویس قفطان، الإ ئینتفاضات البارزانية : صفحات من تاريخ الحركة الكردية في النصف الاول من القرن العشرين، الطبعة الثاني، وزارة التربية، أربيل،د . ت ، ص١١ .

(٨) ئەدهەم بارزانی، بارزانیەکان عەشیرەت نین، ئاوێنە ( ڕۆژنامە ) ژمارە ٢٠٩، سێ شەممە، ٢٠١٠/٢/٢ .

**باسی سێ یەم : رەچەڵەکی شێخانی بارزان**

رەچەڵەکی شێخانی بارزان بۆ دەرەوەی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، نزیکەی (١٥٠) ساڵێك دەبێت وەکو شێخ دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا پەیدا کردووە، میرەکانی بارزان رەچەڵەکی خۆیان بۆ سەر میرەکانی ئامێدیێ دەگێرنەوە، بۆ ئەم مەبەستە چیرۆکێك هەیە کە جێی خۆیەتی ئێمەش لێرەدا ئاماژەی پێبکەین : حاکمی ئامێدیێ دوو کوڕی هەبوو لەسەر وەسیەتی باوکیان لە دوای مردنی دەبا حوکم بۆ مسعودی کوڕە گەورەکەی بێت، بەلاّم برا بچوکەکەی حوکم لە دەست دەردێنێ، مەسعودیش لە خەمان دەڕوات و روو لە غەریباتی دەکات لە رێگادا تووشی گاوانێك دەبێت و بۆ گوندی ( هەڤندکا )[1] لە گەڵ خۆی دەباتەوە[2].

مەسعودیش روو لە مزگەوت دەکات خەریکی خوا پەرستی دەبێت و خەڵکەکەش خۆشیان دەوێت و دەیکەن بە مەلای گوندەکە و هەر لەوێ ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنێت[3]، پاش وەفاتی مسعودیش ئەوا سەعیدی کوڕی شوێنی دەگرتەوە و خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتکردنی مزگەوت و رێبازی ئاینی، لە دوای ئەویش تاجەدین ی کوڕی ماڵ دەگوازێتەوە بۆ گوندی بارزان خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆدەبنەوە، لە ئەنجامدا تەکیەك لە بارزان دەکاتەوە و ئەو تەکیە دەبێتە سەرچاوەیەکی پتەوی خواپەرستی ئیدی لەوە بە دوواوە نەوەکانیان یەکە بە یەکە درێژە بەم رێبازە دەدەن[4]، لە دوای ئەویش عەبدولرەحمانی کوڕی گرتۆتەوە،ئەویش وەکو باب و باپیرانی خەریکی خواپەرستی و زانست بووە، دواتریش عەبدوڵلای کوڕی شوێنی گرتۆتەوە ناوبراو کوڕی خۆی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمی ناردووەتە قوتابخانەی نەهری بۆ وەرگرتنی زانیاری ئاینی[5].

دواتر شێخ عەبدولسەلامیش توانی رێبازی نەقشبەندی بگەێنتە زۆربەی ناوچە کوردییەکان[6]، شێخ عەبولسەلامی یەکەم شوێنی باوکی گرتۆتەوە و لە بارزان تەکیەی ئاینی

---

(١) هەڤندکا : گوندێکە دەکەوێتە پشت بارزان سەر بە عەشیرەتی بەرۆژی یە .

(٢) مامخان شێروانی، س . پ، ل١٢ .

(٣) د. عەبدوڵلا غەفور، بارزانم چۆن دیت، چاپخانەی ئاپێك، ستۆکهۆلم، ١٩٩٥، ل٢٣ .

(٤) حەیدەر جەوهەر ئەحمەد، رەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا لە شیعری چەند شاعیرێکی کورد دا، چاپخانەی خانێ، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٣٦.

(٥) مسعود بارزانی، س . پ، ل١٧ .

(٦) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەلگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا، دووەمین بەرگ، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٥٩ .

دامەزراندبوو، خەڵك لە هەموو لایەك رووی تێدەكرد، لە كاتی گەڕانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بە ناوچەكانی كوردستان، ئەوا سەردانی تەكیەی بارزان دەكات و شێخ عەبدولسەلامی یەكەم دەكاتە خەلیفەی خۆی لەگەڵ خۆیدا بردوویەتیە نەهری بۆ بینینی شێخ تەهای نەهری كە ئەمەشیان یەكێك بوو لە خەلیفەكانی مەولانا خالید[1].

( پێ رەش )[2]ئاماژە بە شێخ عەبدولسەلامی یەكەم دەكات كە رەچەڵەكی خۆی دەباتەوە سەر زێباریەكان[3]، ناوبراو پێش كۆچكردنی بە سێ ساڵ كتێبی بە نرخی لەسەر فقی ئیسلام داناوە كە لە قەسیدەكەدا هاتووە : ( خالیدیمە بە تەریقەت، زێباریمە بە عەشیرەت، بارزانیمە ب مەسكەن قەریەت )[4]، لە دووای ئەویش كوڕەكەی شێخ محەمەد شوێنی گرتۆتەوە، كە بە خواناس و دینداری ناوبانگی دەركردبوو[5]، شێخ محەمەدیش لە سەردەمی عوسمانیەكان لە ئێرانەوە هاتووە لە بارزان نیشتەجێ بووە ئەمەش وایكردووە نوسەری بەناوبانگ حسن مصطفی رەچەڵەكی شێخانی بارزان بگەڕێنتەوە بۆ ئێران[6].

بە گوێرەی بۆچونێكی تر رەچەڵەكیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی هەكاری[7]، بارزانیەكان لەسەر رێچكەی ئاینزای سونی شافعین و تەریقەتی نەقشبەندی لە نێوانیان باوە[8]، شێخ محەمەدیش پێنج كوڕی لە دووای خۆی بە جێهێشتبوو كە بریتیبون لەمانە : شێخ ئەحمەد، بابو، محەمەد سدیق، مەلا مصگفی، شێخ عەبدولسەلامی دووەم، بە پێی وەسیەتی شێخ محەمەد ئەوا شێخ عەبدولسەلامی دووەمی كوڕی شوێنی دەگرێتەوە[9]، ناوبراو چەندین جار لە دژی دەسەڵات دارانی عوسمانی راپەڕینی بەرپاكردوە، سەرەنجام لەلایەن هێزەكانی عوسمانی بەدیل

---

(١) مسعود سەرنی، ژ كەلتوری بارزانیێ نەمر، چاپخانەی خانێ، دهۆك، ٢٠١٢، ل٣٢ .

(٢) پێ رەش : نازناوی ئەیوب بابو محەمەد عەبدولسەلام بارزانیە، ( برازای مستەفا بارزانیە ) .

(٣) بی رەش، بارزان و حركە الوعی القومی الكردی ( ١٨٢٦ – ١٩١٤ )، د . م، ١٩٨٠، ص ص٢٤-٢٥.

(٤) مەلا ئەیوب، س . پ، ل١٩ .

(٥) شڤان علی حەجی ئادەم توڤی، مەلا مصگفی بارزانی و د زانین پەروەردا ئیسلاما پیرۆز، چاپخانا زاگروس، دهوك، ٢٠٠٤، ل٢٠ .

(٦) حسن مصطفی، البارزانیون و حركات بارزان ( ١٩٣٢ – ١٩٤٧ )، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٣، ص١٧ .

(٧) معروف چیاوك : س . پ، ل٥٥ .

(٨) ئەحمەد شەریفی، بارزانیەكان لە زانستنامەی دنیای ئیسلامدا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە ٧، بەهاری ٢٠٠٠، ل٦ .

(٩) د. عەرەفات كەرەم ستونی، ژیانی ئاینی لە نەهری بۆ بارزان، چاپخانەی رۆشەنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل٦١ .

**گیراوە و لە ساڵی ( ١٩١٤ ) لە سێدارە دراوە، دواتریش شێخ ئەحمەدی برای لەتەمەنی هەژدە ساڵیەوە دەبێتە دەسەلآتداری بارزانیەکان[١].**

**سەبارەت بە لە دایك بوونی شێخ ئەحمەد بیروڕای جیاواز هەن زۆربەیان پێیان وایە لە ساڵی ( ١٨٩٢ ) لە دایك بووە[٢]، ناوبراو درێژە پێدەری ئەو چاکسازیانە بوو کە پێشتر شێخ عەبدولسەلامی برای ئەنجامی دابوو لە ناوچەی بارزان، لە سەردەمی ئەو دا خەڵك بە ئازادی و یەکسانی دەژیان بە پیرۆزیان دەزانی نازناوی ( خودان )یان پێ بەخشیبوو کە لە کرمانجی خواروو بە مانای خاوەن دێت[٣].**

**شێخ ئەحمەد پابەندی هەموو بنەما ئیسلامیەکان بووە، بەلآم لە راستیدا هیچ زانیاریەکی لە مەسەلە سیاسیەکان نەبووە و ئەوەندەی پێ کرا بێت هەوڵی داوە بارزانیەکان لە سیاسەت دووربخاتەوە[٤]، لە لایەن نەیارانی شێخ ئەحمەدەوە کۆمەڵێ بیانووی نابەجێیان خستۆتە پاڵی کە رێگا خۆشکار بوونە بۆ بەرپابوونی راپەرینی یەکەمی بارزان[٥]، کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین.**

**شێخ ئەحمەد لە سەرووی تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیەوە کۆچی دوایی کردووە، لە دووای ئەو خەڵکی بارزان بە شێوەیەکی دیموکراسی شێخ محەمەد خالد بارزانیان هەڵبژارد بە سەرۆکی ناوچەی بارزان نەك بە سیفەتی شێخی عەشایەری بارزان[٦]، بە پێی بیروڕای بازیل نیکیتین بنەماڵەی بارزانیەکان پێی دەڵێن سەیداتی بارزان، کە لە زمانی کوردیدا واتای رێزدار**

---

(١) حەسەن ئەرفەع، کوردەکان ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیە )، ( وەرگێڕانی : سەردار محەمەد )، چاپخانەی سەردەم، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٧٠ .

(٢) میر بەسری، ناودارانی کورد، ( وەرگێڕانی : عەبدولخالق عەلائەدین )، دووەمین چاپ، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤١ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : پاشکۆی ژمارە ( ٢ ) وێنەی شێخ ئەحمەدی بارزانی، هـ . س، ل٤٢ .

(٣) فەرید ئەسەسەرد، ریشەی بیروباوەڕی بارزانیەکان، دووەمین چاپ، چاپخانەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٣٠ .

(٤) د. عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، ( وەرگێڕانی : فەرید ئەسەسەرد )، چوارەمین چاپ، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٣٨ .

(٥) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ( وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف )، شەشەمین چاپ، چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١١، ل ل١٥٢-١٥٣ .

(٦) عەبدولرەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، س . پ، ل٥٩ ؛ شەوکەت مەلا ئیسماعیل حسن، رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول، ئەیلول، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٩ .

یا مامۆستا دەگەیێنێت، لە کاتێکدا لە زمانی عەرەبی دا سەید بە واتای نەوەی پێغەمبەر( د.خ ) دێت[1].

## تەوەری دووەم : بەرپابوونی راپەڕینی یەکەمی بارزان

### باسی یەکەم : هۆیەکانی بەرپابوونی راپەڕینەکە

سەبارەت بە هۆیەکانی بەرپابوونی راپەڕینەکە، کۆمەڵێ هۆکار هەبوون بوونە هۆی بارگرژی نێوان شێخ ئەحمەد و کاربەدەستانی بەریتانیا و حکومەتی عێراق کە رێگا خۆشکار بوون بۆ بەرپابوونی راپەڕینەکە لەوانە، ناوچەی بارزان ساڵانە خاوەن مەڕ و ماڵاتەکان بڕێك پارەیان دەدا بە حکومەتی عێراق وەك باج، حکومەتیش ویستی لەدەسەڵاتی شێخ ئەحمەد کەمبکاتەوە، پێی راگەیاند دەبێ ئەم باجە بە پێی سەرژمێر بێت و مەڕ و ماڵاتەکە بژمێردرێت[2]، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراق لە ساڵی ( ١٩٢٥ ) لە ناوچەی بارزان بنکەیەکی پۆلیسی دامەزراند کە مەڵبەندی لە پیرا کەپرا بوو[3].

ناوبراو بەرامبەر بەم کارەی حکومەت رەزامەندی خۆی نواند بەڵام بەو مەرجەی خزمەتگوزاری پێویست بگەینن بە ناوچەکە، پاشان داوایان کرد فەوجێکی بەریتانی بنێردرێتە بلێ ئەنجام درا ئەمەشیان کە بەڵێنیان دا دەست نەخەنە ناو کاروباری ناوچەکەوە[4]، بەڵام کاتێ ئەو فەوجە بەریتانیە هاتە ناوچەکە دەستیان دایە کاری نابەجێ و ئاژاوە دروستکردن و داوایان کرد بنکەی پۆلیس لە شوێنەکانی تری وەك شێروان و بارزان و مێرگەسور بکرێتەوە یان دابنرێت[5]، لە ئەنجامی ئەمەشەوە ناوبراو کەوتە دژایەتی پێکردنی بوونی بنکە و

(١) بازیل نیکیتین، کوردناسیی، ( وەگێڕانی : نەجاتی عەبدوڵلا )، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٠.

(٢) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزرات العراقية، الطبعة الثلاثة، منشورات مكتبة اليقظة الحربية، بيروت، ١٩٨٢، ص١٨٦ .

(٣) د. عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ( وەرگێڕانی : جەمال بابان زادە )، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٥٠ .

(٤) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، چەند راستیەکی مێژوویی لەبارەی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شۆڕشەکانی دیکەی بارزان تا ساڵی ١٩٤٥، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ٢٠٠١، ل٩٢ .

(٥) سەلام حەوێز ئیسماعیل، کوردستانی باشور، لە شۆڕشی چەکدارییەوە بۆ راپەڕینی ئازاری نەوەد و یەك، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٢ .

بارەگاکانی پۆلیس لە ناوچەکە، دەسەڵات دارانی ئەو کاتی عێراقیش ئەم هەڵوێستەی ناوبراویان بەیاخیبون لەقەڵەم دا[1].

نیگەرانی حکومەتی عێراق لە گواستنەوەی مەترسیەکانی سەرکەوتنی شێخ ئەحمەد بەسەر حکومەتی ناوەند بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان دەبێتە کۆسپی گەورە لە قبوڵکردنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان، چونکە دابین کردنی ئاسایش و ئارامی لە عێراق مەرجی کۆمەڵەی گەلان بوو بە ئەندامیەتی عێراق لەو کۆمەڵەیە، بۆیە ویستی ناوچەی بارزان بە مەرکەزیەتی حکومەتەوە ببەستێتەوە، چونکە ئەو ناوچەیە بە هۆی سەختی سروشتەکەوە نیمچە سەربەخۆ بوو بۆیە بڕیاری دا بەهێز چارەسەر بکات[2]، ئینگلیزەکانیش بەهەمان شێوە چاك لەوە گەیشتبون بارزان لانەی شۆڕشگێڕانە هەر دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێت دەست دەکەن بە شۆڕش بۆ دەرکردنی دەسەڵاتی بێگانە لە ناوچەکەیان[3].

بەمەش بە بەردەوامی بیانوی نابەجێیان خستۆتە پاڵ کەسایەتی شێخ ئەحمەد کە گوایە داوای پێغەمبەرایەتی کردوە بۆتە مەسیحی، بۆ ئەوەی ئەم ئایینە بلاوبێتەوە لە ئێوارە خوانێکدا گۆشتی بەرازی حەلاڵ کردوە[4]، کەچی ئەمانە هەموو بوختان و بیانوی دوژمنان بون چونکە شێخ ئەحمەد شێخێکی خواناس و مەزن بوو، بەرازیش لەلای بارزانیەکان گلاوە بەهەر شوێنێك بکەوێت دەبێت حەوت جار بە ئاو و گڵەسور بشۆردرێت، ناوبراو کە رێگەی دا بە راوکردنی بەراز، لەبەر ئەوە بوو دەغڵ و دانی دەڤەرەکەیان دەخوارد و خراپ دەکرد، بۆ گۆشتەکەی نەبووە[5].

هۆکاریکی تر کە رێگا خۆشکار بوو بۆ بەرپابونی راپەڕینەکە ئەوەبوو کاتێ دەوڵەتی تورکیا ئاشوریەکانی لە دەوڵەتەکەیان دەرکرد ئینگلیزەکان ویستیان ئەو ئاشوریانە لە

---

(١) رەفیق رەحمان مام خول، س . پ، ل٢٨.

(٢) خليل مصطفي عثمان الاتروشي، كوردستان الجنوبية ( العيراق ) في سنوات الاحتلال والانتداب البريطانين ( ١٩١٨ _ ١٩٣٢ )، رسالة ماجستر غير منشورة، كلية الاداب جامعة دهوك، ٢٠٠٥، ص١٥٦ ؛ د. عوسمان علی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، ( وەرگێڕانی : کامەران جەمال بابان زادە )، چاپخانەی رێ نوێ، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٣٤ .

(٣) مسعود بارزانی، س . پ، ل٢٧ .

(٤) علی اصغر احسانی، بارزانی و پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەریەکانی ئیحسانی دا، چاپخانەی خانێ، دهوك، ٢٠٠٨، ل٨٤ .

(٥) کریس کوچێرا، س . پ، ل١٦١ .

( برادۆست )[1]ی باشوری ناوچەی بارزان نیشتەجێ بکەن[2]، دیارە بارزانیەکانیش ئەمەیان پێ قبوڵ نەکراوە، چونکە پێیان وابوو بەهۆی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ ئاشوریەکان لە بایەخ و بەها کۆمەلأیەتیەکانیان کەم دەبێتەوە، هەروەها ترسان لەوەی هەموو ماڵ و سامانیان بکەوێتە بەر دەست ئاشوریەکان[3].

هەنگاوەکانی حکومەت لە نیشتەجێکردنی ئاشوریەکان لە ناوچەکەدا شێخ ئەحمەدی نیگەران کرد، داوای لە حکومەت کرد ئاشوریەکان لە ناوچەکەیان دووربخاتەوە کەچی حکومەت ئەو داوایەی ناوبراویان رەتکردەوە، ئیتر ئەم هۆکارانە وای کرد شێخ ئەحمەد خۆی ئامادە بکات و هێز کۆبکاتەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ حکومەت[4].

**باسی دووەم : پێکدادانەکانی نێوان شێخ ئەحمەد و شێخ رەشیدی لولان**

دەوڵەتی ئینگلیز لە رێگەی هێرشی سەربازییەوە بۆ سەرکوتکردنی بارزانیەکان تا ساڵی ( ۱۹۳۱ ) هیچ ئەنجامێکی بە دەست نەهێنا، دواتر کەوتە هاندانی هۆزەکان دژی بارزانیەکان لەوانە، برادۆست بە سەرۆکایەتی شێخ رەشیدی لولان[5]، بە بیانوی ئەوەی شێخ ئەحمەد بۆ لەناوبردنی هەموو هۆزەکان دەستی لەگەڵ ئاشوریەکان تێکەڵ کردووە[6]، یەکێك لە هۆکارەکان کە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان، ئەوەبوو کاتێ بەریتانیا ئاشوریەکانی لە دەوروبەری ناوچەی بارزان نیشتەجێکرد، شێخ ئەحمەدیش بۆ رزگاربوون لە بارودۆخەکە داوای لە دوو ئەفسەری کورد لە موصل کرد کە یاداشتێك بەناوی هۆزەکانەوە لە دژی پرۆسەی نیشتەجێکردن بنوسن، بەلأم کاتێ هەردوو ئەفسەرەکە لەلایەن کاربەدەستانی عێراق دەگیرێن، ئەوا شێخ ئەحمەد داوا لە حکومەت دەکات ئەگەر دوو ئەفسەرەکە ئازاد نەکرێت یاخی دەبێت،

---

(۱) برادۆست : ناوچەیەکی فراوانە لە رەواندز پاڵی داوە بە ئێران و تورکیاوە مەرکەزەکەشی سیدەکانە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عەلائەدین سەجادی، س . پ، ل۱٥۲ .

(۲) نجف قلی پسیان، لە مەهابادی خوێناوییەوە تا کەنارەکانی ئاراس، ( وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف )، دووەمین چاپ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ۲۰۱۱، ل٤۳ .

(۳) مەعروف قەرەداغی، بارزان و نهێنیەکانی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ۱۹٥۹، ل۲۱ .

(٤) دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ( وەرگێڕانی : ئەبوبەکر خۆشناو )، دووەمین چاپ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰٥، ل۲۹۷ .

(٥) جليلي جليل، م.س لازاريف، م.أ حسرتيان، شاكرو محويان، أولغا جيغالينا، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ( الترجمة : د. عبدي حاجي )، للطبعة دار الرازي، بيروت، ۱۹۹۲، ص۱۸٥ .

(٦) کریس کۆچێرا، س . پ، ل۱٥٤ ؛ فەرەیدوون نووری، بزاڤی بارزانی، بلأوکراوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۷، ل۱۲۳.

بۆیە هەردوو ئەفسەرەکە ئازاد دەکرێن، بەڵام شێخ ئەحمەد پێی وابوو شێخ رەشید نهێنی یاداشتنامەکەی ئاشکرا کردووە، بۆیە تورە دەبێت و بڕیار دەدات هێرش بکاتە سەریان[١].

بە پێی بەڵگەنامەیەکی نهێنی ئاسایشی گشتی لە ( ١٩٣١/٨/١٢ ) باس کراوە کە نەیارانی شێخ ئەحمەد وایان بڵاوکردۆتەوە، کە ئینگلیزەکان بەڵێنی داوە شێخ ئەحمەد بکات بە سەرۆکی دەوڵەتی کوردی، بەو مەرجەی ببێتە مەسیحی ئەگەر ئەم کارە نەکات دەوڵەتی کوردی دانامەزرێت یەکێکی تر بە سەرۆکی ئاشوریەکان دادەنرێت[٢].

بە پێی بۆچونێکی تر ئەفسەرێکی هەواڵگیری بەریتانی لە هەولێر دەڵێت : شێخ ئەحمەد لە تەموزی ( ١٩٣١ ) نامەیەکی بۆ شێخ رەشید ناردووە داوای لێکردووە بێتە سەر ئاینی تازە، ئەمەش ناڕەزایی شێخ رەشیدی لێکەوتۆتەوە بەمەش رۆژ لە دوای رۆژ ناکۆکی نێوان هەردوولا لە زیاد بوون دابوو[٣]، ناوبراو بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی شێخ رەشید داوای هاتنە ناوەوەی حکومەتی کرد لە کێشەکە دەکات، بۆیە حکومەتی عێراقیش لێژنەیەکی لە موتەسەریفی هەولێر و موصل و قائیمقامی رەواندز و زێبار بە بەشداری نوێنەری هەردوولا پێکدەهێنێت، بەڵام ناگەن بە هیچ بڕیارێك[٤].

ناکۆکی نێوان هەردوولا گەیشتە رادەیەك و دوواتر بۆتە هۆی ئەوەی لە هاوینی ( ١٩٣١ )، برادۆستیەکان پەلاماری شێروانی ناوچەی بارزانی دا، گوندەکانی گرکال و کولەك و بابکێ یان تالانکرد و ماڵەکانیان سوتاند[٥]، لەو کاتەداش مستەفا بارزانی لە شوێنێکی تر بوو بەپەلە جەنگاوەرانی خۆی کۆدەکاتەوە، بە دووای برادۆستە تالانچیەکان دەکەوێت و دووای شەڕ و

---

(١) الحميد جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥ – ١٩٣٢، ( الترجمة : د. مؤيد ابراهيم السونداوي )، مؤسة ذين، السليمانية، ٢٠٠٦، ص ص١٩٨–٢٠١.

(٢) راپەرینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی هەردوو حکومەتی فرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١ – ١٩٤٩، (وەرگێڕانی : د. نەجاتی عەبدوڵلا )، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٧.

(٣) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، س . پ، ل٢٣١.

(٤) حسن مصطفى، م . س، ص٢٨ ؛ د. مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە ساڵانی ( ١٩٢٦ – ١٩٣٩ )، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٦٩.

(٥) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، س . پ، ل٩٣.

پێكدادانێكی كورت خایەن ناوبراو هەموو ئەو كەل وپەلانەی لای برادۆستیەكان بە تالأن بران دەگەڕێنتەوە بۆ بارزان[1].

دووبارە لە ( ١٩٣١/١١/٢٥ ) شەڕ و پێكدادان لە نێوان هەردوولا روویداوە، بەلأم ئەمجارە شێخ ئەحمەد هێزێكی گەورە لە ( ١٩٣١/١١/٢٧ ) ناردە ناوچەكە لە یەكەم رووبەڕووبوونەوەدا هێزی برادۆستیەكان هەلأتن و ئەوەی بە دەستیان كەوتبوو لە تالأنكردن لە دووای خۆیان بە جێیان هێشت و دووچاری شكستی گەورە هاتن، شێخ رەشیدیش بە ناچاری پەڕییەوە بۆ ئەو دیوی ئێران[2].

**باسی سێ یەم : هەڵوێستی حكومەت بەرامبەر بە بارزان و رووداوەكانی ساڵی ١٩٣١ و بەرقی بەگ**

لە ئەنجامی شەڕ و پێكدادانەكانی نێوان شێخ ئەحمەد و شێخ رەشید وایكرد كەوا حكومەت شێخ ئەحمەد بە یاخیبون لە قەڵەم بدات، لە تشرینی دووەمی ( ١٩٣١ ) حكومەت بەیانێكی دەركرد كە ناوبراو دەست درێژی كردووەتە سەر ناوچە ئارامیەكان، كاری سوتان و كوشتنی تێدا ئەنجام داوە لەگەڵ برادۆستیەكان[3]، شەڕی نێوان هەردوولا هەلێكی بۆ حكومەتی عێراق رەخساند كە بەناوی دابینكردنی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەكە هێرش بكاتە سەر ناوچەی بارزان، بۆ ئەم مەبەستەش حكومەتی عێراق هێزێكی سەربازی بە سەركردایەتی ( برقی صدقی ) رەوانە كرد بە مەبەستی دەست گرتن بەسەر ناوچەی بارزان و دەستگیركردنی شێخ ئەحمەد[4].

بەر لە دەستپێكردنی شەڕ و پێكدادان، حكومەت پلانێكی داڕشت كە مەبەستی بوو ناوچەی بارزان بێ بەش بكات لە چەكدار و لایەنگرانی شێخ ئەحمەد، هەڵسا بە بانگكردنی ( شێخ محمد صدیق ) برای شێخ ئەحمەد وەك نوێنەری شێخ ئەحمەد ئامادەبێت لەگەڵ حكومەت و نوێنەری شێخ رەشید دانیشتن ئەنجام بدەن بۆ چارەسەركردنی كێشەی نێوانیان[5]، شێخ محمد صدیق بە خۆی و ژمارەیەك لە جەنگاوەرەكان لە ( ١٩٣١/١٢/٣ ) بۆ لای حكومەت بە

(١) پاول شیسمەن و د.خوشەوی مەلا ئیبراهیم، ژیان و رێبازی مەلا مستەفا بارزانی، ( وەرگێڕانی : كازم شەدادی )، چاپخانەی موكریانی، هەولێر، ٢٠١٤، ل٧٨.

(٢) مسعود سەرنی، س . پ، ل٥١ .

(٣) معروف چیاوك، س . پ، ل١٥٣ ؛ عەلائەدین سەجادی، س . پ، ل١٦٢ .

(٤) عبدالرزاق الحسني، الطبعة الثلاثة، م . س، ص١٨٨ .

(٥) أيوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ( ١٩١٤ – ١٩٥٨ )، جنيف، ٢٠٠٢، ص١٠٧ .

**ڕێكەوتن، لەو كاتەدا مستەفا بارزانی بە فەرمانێك دەرچوو بۆ دەرەوەی بارزان، لە هەمان كاتدا حكومەتیش فەرمانی بە ( برقی صدقی ) دا پەلاماری ناوچەی بارزان بدات چونكە هەلێكی زێڕین هاتۆتە پێش كەوا بارزان چۆڵە و دەتوانن بە ئاسانی گەمارۆی بدەن و شێخ ئەحمەد دەستگیر بكەن[1] .**

**برقی صدقی لە ( ١٩٣١/١٢/٩ ) گەمارۆی نلوچەی بارزان دەدات، هاوكات شوانێك دەسگیر دەكەن و نامەیەكی پێ دەدەن تاكو بۆ شێخ ئەحمەد ببات  و خۆی بدات بە دەستەوە، ئەو ئێوارە مستەفا بارزانی لە ( ١٩٣١/١٢/٨ ) گەڕابوویەوە بارزان و هەواڵی هاتنەوەی ئەو نەگەیشتبوویە برقی صدقی[2]، ئەوەبوو بارزانیەكان بە سەركردایەتی مستەفا بارزانی شوێنی خۆیان قایم كرد و لە شەڕێكی بەهێزدا توانیان زەبرێكی بەهێز لە دوژمنان بوەشێنن و سەركەوتنی گەورە بە دەست بێنن، نزیكەی ( ١٢٦ ) كوژراو لە مەیدانی شەڕدا بەجێمابوو ژمارەیەك چەك و تەقەمەنی دەستی بەسەردا گیران و ( ٥ ) چەكداری شۆڕشگێران شەهید كران، دووای ئەوەی هەواڵی هێرش كردنە سەر بارزان بە ( شێخ محمد صدیق ) دەگات ئەویش قائیمقامی بلە و هەشت پۆلیس دەسگیر دەكات بەپەلە دەگەڕێتەوە بارزان[3] .**

**لە ڕۆژی ( ١٩٣١/١٢/١٢ ) شێخ ئەحمەد فەرمانی دا قائیمقام و چەكدارەكانی هەموو ئەو دیلانەی لە شەڕی بارزان دا گیراون ئازاد بكرێن، ناوبراو بە قائیمقامی بلە پەیامێكی بۆ حكومەتی عێراق نارد كە داخی خۆی بۆ ئەو ڕووداوە ناخۆشانە و ئەوانەی بوونەتە قوربانی دەربڕی، ئارەزووی پیشان دا تا ئاشتی و ئارامی بگەڕێنتەوە ناوچەكە، حكومەتیش ئەم داوایەی ناوبراوی پەسەندكرد، چونكە تووشی شۆڕشێكی دیكە ببویەوە كە وەرزی زستانیش داهاتبوو ڕێگەی بزاوی سەربازی بڕیبوو[4] .**

---

**(١) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، س . پ، ل ل٩٤-٩٥ .**

**(٢) پاول شیسمەن و د. خوشەوی مەلا ئیبراهیم، س . پ، ل٧٩ .**

**(٣) قەدری جەمیل پاشا، دۆزی كوردستان، سێ یەمین چاپ، دەزگای چاپ و بلاْكردنەوەی بیر، دیاربەكر، ٢٠٠٧، ل١٨٥.**

**(٤) مسعود بارزانی، س . پ، ل٣١ .**

**تەوەری سێ یەم : پەرەسەندنی راپەڕین و ئاکامەکەی**

**باسی یەکەم : نەخشەی سوپای حکومەت بۆ گرتنی بارزان**

دووای ئەوەی حکومەتی عێراق لە شەڕی بەرقی بەگ دا بەرامبەر هێزەکانی شێخ ئەحمەد شکستی هێنا، بۆیە هەستی بەوەکرد کەوا پێویستی بە نەخشە دانانێکی وردتر و هێزێکی گەورەتر هەیە بۆ هێرش کردنە سەر بارزان، ئەوەبوو هەتا بەهاری ساڵی ( ١٩٣٢ ) ناوچەکە ئارام بوو لە بەهاردا هەواڵ گەیشتە شێخ ئەحمەد کە گوایە حکومەت نیازی هێرشکردنی هەیە لە ناوچەکانی رەواندز و ئاکرێ و ئامێدی[١]، هێزێکی زۆر کۆدەکاتەوە بە هیوای هێرشێکی گەورەیە، بەو بیانویەی کە حکومەت دەیەوێ سوپاکەی مەشق پێبکات و تاقی بکاتەوە لە چەند شەڕێکدا لەگەڵ ئەو هاولاتیانەی کە هیچ تاوانیان نیە[٢].

بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی وەزیران لە ( ١٩٣٢/١/١٢ ) بڕیاری دەرکرد سەبارەت بە ناردنی هێرشێکی فراوانتر بۆ سەر ناوچەی بارزان، بە مەبەستی جێگیرکردنی ئاسایش لە ناوچەکەدا هەڵسا بە پێکهێنانی ناحیەی ( شێروان – مزوری بالا – بارزان ) و کردنەوەی بنکەکانی پۆلیس لە ناحیەکاندا وەك چاودێر بەسەر بارزان و دەوروبەری بە تایبەتی رۆژهەلاتی ئامێدیی، داوای لە دەسەلاتدارانی تورکیا کرد پەنابردنی بارزانیەکان بۆ ناو خاکی تورکیا قەبوول نەکەن[٣]، بە پێی یەکێك لە بەلگەنامەکانی بەریتانیا لە مانگی شوبات دا حکومەت موتەسەریفی هەولێر رادەسپێرێت کە بە شێخ ئەحمەد رابگەیێنێت ئەگەر بێتو واز لە کارەکانی خۆی بێنێت خەلاتێکی باشی دەدرێتێ، بەلام شێخ ئەحمەد لە وەلامدا دەلێت : ( من بۆ فرۆشتن نیم هەمموو زێڕی حکومەت ناتوانێ من بکرێت من شێخی بارزانم هەر بە شێخی بارزان و شۆڕشگێڕانی کورد دەمێنمەوە کە خەبات دەکات بۆ ئازادی گەلەکەی بڕیارەکەی من گەڕانەوەی لێ نیە )[٤].

---

(١) مسعود سەرنی، س . پ، ل٥٤ .

(٢) هـ . س، ل٥٥ .

(٣) محسن محمد المتولي، كرد العراق منذ العرب العالمية الاولى عام ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق عام ١٩٥٨، بيروت، ٢٠٠١، ص٢١٨ .

(٤) راپەرینەکانی بارزان لە بەلگەنامە نهێنیەکانی هەردوو حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیا دا ( ١٩٣١ – ١٩٤٩ )، س . پ، ل٤٦.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی سەرەوەش، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دەستیان کرد بە نەخشە دانان، هێزەکانی دابەش کرد بەسەر سێ تەوەرەدا، تەوەری یەکەم هێزێك بە سەرکردایەتی ( زەعیم خەلیل زەکی ) دابوو، بەتایبەتی بۆ گرتنی ناوچەی باڵەکایەتی و مەڵبەندی و ناحیە لە گورەتو دابنێت، بنکەی پۆلیس لە گوندی بێرسیاف و رێزان بکاتەوە، تەوەری دووەم تایبەت بە گرتنی ناوچەی مزوری باڵا دەڕوات لە نزیك چامە لە رووباری روکوچك دەپەڕێتەوە بنکەی پۆلیس و پردێك لەسەر رووباری ناوبراو دابنێت، تەوەری سێ یەم بەرەو ناوچەی بارزان دەچێت و دوو بنکەی پۆلیسی تیادا بکاتەوە، حکومەت ناوی جیا جیای لە شۆڕشگێڕان نا وەك ( عصاه، الاشقیاء متمرد )[١].

دووای تەواوبوونی ئامادەکاریەکان لە ( ١٩٣٢/٣/١٠ ) دا وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئاگاداری شێخ ئەحمەدی کردەوە کە لەلایەن قایمقامی زێبار ئامادە بێ بەر لە ( ١٩٣٢/٣/١٤ ) ملکەچی داواکاریەکانی حکومەت بێت، بەڵام شێخ ئەحمەد ئەو داواکاریەی رەتکردەوە، چونکە دەیزانی هەر بگاتە ئەوێ دەستگیری دەکەن[٢]، شێخ ئەحمەدیش هەستی بە مەترسی کرد، ئەویش هێزەکانی خۆی دابەش کرد و تەواوی ئامادەکاریەکانی کرد بەسەر سێ تەوەر دا دابەشی کردن، چەکەکانیشیان ئەو چەکانە بوون کە لە شەڕەکانی دژی حکومەت دەستیان دەکەوت[٣]، حسن مصگفی لە کتابەکەیدا ژمارەی بارزانیەکان بە ( ١٨٥٠ ) سەرباز دەخەمڵێنێت[٤].

شێخ ئەحمەد بە داواکاریەکانی حکومەت رازی نەبوو، وادەی دیاری کراو کۆتایی هات و ئەمەش رێگاخۆشکار بوو بۆ ئەوەی هێزی زەعیم خەلیل زەکی لە ( ١٩٣٢/٣/١٥ ) لە سنوری باڵەکایەتی و بەرەو ناوچەکانی بارزان و مێرگەسور دەست بە جولانەوە بکات[٥]، دواتر لە ( ١٩٣٢/٣/١٨ ) لە گوندی کورکی لای خۆرهەڵاتی مێرگەسور یەکەم پێکدادان دەستی پێکرد و هێزەکانی بەرگریش توانیان رووبەڕووی هێزی دوژمن ببنەوە و بیان شکێنن، بەڵام هێزی

(١) عبدالعزيز العقيلي، تأريخ حركات بارزان الاولى عام ١٩٣٢، بغداد، ١٩٥٦، ص ص٢٢-٢٤.

(٢) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، س . پ، ل٢٤٨.

(٣) عەبدولرەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەکر، س . پ، ل٧٠ .

(٤) حسن مصطفى، م . س، ص ص٣٣-٣٤ .

(٥) د. سروة اسعد صابر، كوردستان الجنوبية ( ١٩٢٦ – ١٩٣٩ )، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٢٤٢ .

**ئاسمانی بەریتانی بە توندی ناوچەکەیان بۆردومان کرد[1]، ئەم بارودۆخە تا کۆتایی مانگی ئازار درێژەی کێشا.**

**باسی دووەم : شەڕی دۆلاڤاژی و ئاگربەستی کاتی**

**لە سەرەتای مانگی نیسانی ( ١٩٣٢ ) هێزەکانی حکومەت پەلاماری ناوچەی بارزان و گوندەکانی دەوربەری دا لەم شەڕەدا لە گوندەکانی ( مامسیك – ژاژۆك – ( ڤاژی )[2] – بێریساف – بنێ بیا – کورکێ – بانێ )، پێکدادان دەستی پێکرد کە دەکەونە نێوان مێرگەسور و شێروان[3].**

**هێزی بەرگریش بڕیاری پاشەکشەی دا بەرەو بەرزاییەکانی دەوروبەری گوندەکان سەرکەوتن، ناوچەکەیان بەرامبەر هێرشی حکومەت چۆڵ کرد، ئەمانیش ئەوەیان بە سەرکەوتنێك زانی و بارەگایان لە دۆلاڤاژی دانا هێزی شێخ ئەحمەدیش بە سەرۆکایەتی ( مستەفا بارزانی ) بە پلانێکی داڕێژراو و توکمە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری توندییان کردییانە سەر هێزەکەی خەلیل زەعیم زەکی کە گەیشتبویە بێریساف و لە هێزەکانی تری دوژمن دابڕی، لە شەڕێکی توندا لەناوی برد و جگە لە ژمارەیەکی کەم کەسیان لێ دەرنەچوو[4]، کاتێ ( ساڵح عەلی مەحەمەد کانیە لنجی )[5] یەکێك بووە لە بەشداربووانی ئەم شەڕە، ئاماژە بە زیانەکانی هێزی حکومەت دەکات کە (٢٥٣) لاشەی کوژراویان بە جێهێشتبوو، لەگەڵ**

---

(١) عەبدولخالد صابر کریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە و حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردیدا ( ١٩١٩ – ١٩٤٥ )، ( لیکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیە )، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٣٨ ؛ د. شێرزاد شەفیع بارزانی، شێخ ئەحمەد بارزانی، دەست نوس، لە لای ( توێژەر دەست دەکەوێت ) .

(٢) دۆلاڤاژی : ڤاژی گوندێکە لە نێوان قەزای مێرگەسور و ناحیەی شێروان و لە نزیك گوندەکانی مامسیك – ژاژۆك – کورکێ دایە لەبەر ئەوەی ئەو گوندە دۆڵێکی هەیە بۆیە هەر بەناوی گوندەکە نراوە دۆلاڤاژی .

(٣) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسن، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢٥.

(٤) هەندرێن قادر خەلیفانی، دلۆپێك لە کەلتوری بیری بارزانی نەمر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ب . س، ل١٠ .

(٥) ساڵح عەلی مەحەمەد کانیە لنجی ( ١٩٠٧ – ١٩٩١ ) : خەڵکی گوندی ( کانی لنجە )، لە هۆزی شێروانی یە لە ناوچەی بارزاندا، بە ( ساکۆ کانیە لنج )ی نازناوی دەرکردووە، لە ساڵی ( ١٩٣٠ ) بووە بە پێشمەرگە، لە رۆژگاری پێشمەرگایەتی دا خۆی ( ٢٧ ) جار بریندار بووە و ( ١٢ ) جار بە گوللە ( ١٥ ) جاریش بە ساچمە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان ( جوگرافیا – دیروك – کەلتوور )، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ل٢٤٥-٢٤٧ .

**(٣٦) کەس وەك دیل کەوتنە دەست هێزی ئێمە و سەدان تفەنگ و فیشەك بە دەستمان کەوتن، زیانی پێشمەرگەش بە (١٢) شەهید و (٣٤) بریندار دەخەمڵێنێت[١].**

**ئەم شەڕەش بە شەڕی دۆلاڤاژی ناودەبرێت کە ببویە مایەی شانازی بارزانیەکان، جەنارالی بەریتانی رۆبنسۆن ( w.A.Robinson ) خۆی سەرپەرشتی ئەم شەڕەی دەکرد لە پشتی هێزەکانیەوە بوو، کاتێك هێزی حکومەت رایان کرد هێزی بارزانیەکان گەیشتنە ناو سەربازگەی رۆبنسۆن ئەو خۆی بریندار کردبوو نەناسرایەوە، بۆیە هەرچی کەل وپەلی تێدابوو دەستیان بەسەرداگرت و رێگەشیان دا بریندارەکان بگەڕێنەوە سەربازگەی خۆیان[٢].**

**فرۆکەوانە ئینگلیزەکانیش لە کاتی شەڕدا هەر شتێك دەجولایەوە تەقەیان لێ دەرکرد، دواتر ئاشکرا بوو زیانەکانی ئەو فرۆکانە ( ٧٩ ) گوند و ( ١٣٦٥ ) ماڵ خاپور کرابوون جگە لەمە زیانێکی زۆریشیان بە خێزان و مەڕ و ماڵاتیان کەوتبوو[٣]، لە هێڵی (باڵندە – ئامێدی)یش سەرۆك هۆزی رێکان لەگەڵ هێزەکانی حکومەت یەکی گرتبوو، جێگای مەترسی بوون بۆ سەربازان بەڵام نەیانتوانی بێنە پێشەوە، کەچی ئەوەی بووە مایەی نیگەرانی بارزانیەکان ئاغای رێکانیەکان بوو وای کردبوو پەنا دەباتە بەر بارزان و لەوێ دەحەسێتەوە لە بەرامبەر پارەیەکی هەڵدەستێت بە گرتنی ( ٢٥ ) بارزانی و دەیانداتە دەست هێزەکانی حکومەت[٤].**

**پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەی بارزانیەکان لە شەڕی دۆلاڤاژی بە دەستیان هێنا حکومەت لە توانای دانەبوو چیتر پێشڕەوی بکات، بۆیە داوای یارمەتی لە هێزی ئاسمانی بەریتانیا دەکات بەریتانیاش بە فرۆکەیەکی جەنگیەوە لە نزیك شێروان دەست بەکار دەبێت و ( ٣٥ ) نوسراویش بەسەریاندا فڕێ دەداتە خوارێ، تیادا رای دەگەێنێت هەر کەسێك بیەوێت بگەڕێتەوە لای حکومەت لێبوردنی بۆی دەردەکات، دواتر فرۆکەیەکی بەریتانی لە (١٩٣٢/٤/٢٧) بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە دادەبەزێت و دەست بەجێ فرۆکەوانەکە و یاریدەدەرەکەی**

---

**(١) هاشم شێروانی، س . پ، ل٣٦ .**

**(٢) مسعود بارزانی، س . پ، ل٣٨ .**

**(٣) عەزیز شەمزینی، س . پ، ل٣٩ ؛ سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی رزگاری خوازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٠٩ .**

**(٤) زوبیر بیلال إسماعیل، شورات بارزان ( ١٩٠٧ – ١٩٣٥ )، مطبعة وزارة الثقافة، أربیل، ١٩٩٨، ص١٢٢ .**

لەلایەن بارزانیەکان دەست بەسەر دەکرێن[١]، شێخ ئەحمەدیش بە باشی مامەڵەی لە گەڵیان کرد و داوای وەرگێڕێك و دکتۆرێکی کرد بۆ چارەسەرکردنیان، کە فرۆکەوانەکە بریندار ببوو، حکومەتیش کاپتن هۆلت (Holt) سکرتێری رۆژهەڵات و لەگەڵ وەرگێڕێك و دکتۆرێکی بۆ ناردن[٢].

شێخ ئەحمەدیش لە گەڵیان دانیشت و ئەو زوڵم و ناخۆشیانەی بەسەر ناوچەکەیدا هاتبوو بۆی روونکردنەوە، لە کۆتاییدا لەگەڵ بارزانیەکان و شێخ ئەحمەدیش لەگەڵ فرۆکەوانەکان ئازاد دەکات لە بەرامبەردا کاپتن هۆلت بەناوی بەریتانیاوە بەڵێن بدات ( ٢٥ ) بارزانیەکانی هێڵی ( باڵندە – ئامێدی ) کە لە لایەن ئاغای رێکانیەکان درابوونە هێزەکانی حکومەت بگەڕێنتەوە بارزان و ناوبراو بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات و ئەو بارزانیانەی کە گیرابوون گەڕاندییەوە لای شێخ ئەحمەد[٣]، لەم چاوپێکەوتنەدا دەردەکەوێت هەردوولا گەیشتوونەتە رێکەوتنێکی سەرەتایی و راگرتنی شەڕ و دەست کردن بە وتوێژ بە مەبەستی گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ناوچەکە[٤].

## باسی سێیەم : هێرشی سوپا و پەنابردنی شێخ ئەحمەد بۆ تورکیا

کاپتن هۆلت توانی شەڕی نێوان بارزانیەکان و حکومەتی عێراق بۆ ماوەیەك رابگرێت، بەڵام زۆری نەخایاند دەسەڵاتدارانی عێراق پەیوەست نەبوون بەو بەڵێنانەی بە ناوبراویان دابوو[٥]، بەڵکو سووربوون لەسەر ئەوەی شێخ ئەحمەد و بارزانیەکان هەموویان بە پێی مەرج خۆیان بدەنە دەست حکومەت[٦].

دووای هەڵسەنگاندنی رەوشەکە و گفتوگۆکانی شێخ ئەحمەد لەگەڵ لێپرسراوانی ناوچەی بارزان بڕیاریان دا رێگەیەکی تر بگرنە بەر، چونکە ئەوان بۆیان ئاشکرا بوو ئەوان ناتوانن بە تەنیا بەرگری لە خۆیان بکەن دژ بە داگیرکاری هەردوو حکومەتی عێراق و بەریتانیا ئەو

---

(١) سەردار محەمەد عەبدولرەحمان و هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو، ئەتڵەسی مێژوویی بزافی رزگاریخوازی کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٤ .

(٢) ئەحمەد خواجە، چیم دی، دووەمین چاپ، دەزگای چاپ و بلاْوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٠١ .

(٣) زوبیر بیلال إسماعیل، م . س، ص١٢٣ ؛ سەلام حەوێز ئیسماعیل، س . پ، ل٢٧ .

(٤) مسعود بارزانی، س . پ، ل٤١ .

(٥) نەجم سەنگاوی، کورستان و سەرکردە و راپەڕین و شۆڕشەکانی ( ١١٦٩ – ١٩٩٥ ز )، چاپخانەی نەجم سەنگاوی، ٢٠١٤، ل٤٣٢ .

(٦) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، س . پ، ل١١٣ .

بەریتانیایەی گەورەترین هێزی لە دەست دایە  و لە جەنگی یەکەمی جیهانی بە سەرکەوتوویی هاتبوویە دەرەوە[١] .

دواتر بڕیار درا پەیوەندی بە حکومەتی تورکیا و ئێران بکەن، ئەوانیش بە مەرجێك وەڵامیان دایەوە کە لە کاتی چوونە ژوورەوەیان چەکەکانیان تەسلیم بکەن، بەمەش هێزەکانیان لە  ( مێرگەسور – باڵندە – بارزان ) کشاندەوە و هەندێ هێزی بەرگریان لە ناوچەکانی نزیك رووباری روکوچك و وەلاتی ژێری و چیای شیرین هێشتەوە و ئامادەی تەواوی خۆیان وەرگرتبوو بۆ ئەوەی خاکی عێراق بە جێبهێڵن و روو بکەنە ناو خاکی تورکیا[٢] .

دووای دانانی هێڵی بەرگری نوێ، بڕیار درا دوو هێز بنێردرێن بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزی حکومەت کە هەریەك لەم دوو هێزە لە ( ٥٠ ) کەس پێکهاتبێ، یەکەمیان هێزێك ناردرا بۆ پشت هێزی دوژمن لە نێوان مێرگەسور و رەواندز دا، ئەوی تریان بە سەرکردایەتی خەلیل خۆشەوی[٣] نێردرا بۆ هێڵی ئاکرێ و بارزان لەگەڵ هێزەکانی حکومەت پێکدادان روویدا و زیانێکی زۆریشیان پێگەیاند[٤] .

حکومەتیش داوای لە ( شێخ نورەدینی بریفکانی کە گەورە و سەرداری بریفکانی )بوو کرد بچێتە لای شێخ ئەحمەد بەڵکو بگەڕێتەوە بارزان و بڕیارەکانی حکومەت جێبەجێ بکات، لە کۆتایی مایس دا وەفدی رەوانەکراو گەیشتنە گوندی وەلاتی ژێری چاوی بە شێخ ئەحمەد کەوت و رازی بوو چارەسەرێکی تر بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، وەفدەکە گەڕایەوە بلێ و لەوێشەوە بە فڕۆکە بۆ موصل، دواتر وەفدەکە گەڕایەوە لای شێخ ئەحمەد و پێی وت حاکمی

---

(١) عزیز حسن بارزاني، الحركة القومية الكوردية التعريبية في كردستان العراق ( ١٩١٤ – ١٩٤٥ )، المطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢، ص٣٨ .

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ل٢٨-٢٩ .

(٣) خەلیل خۆشەوی : ناوی خەلیلی کوڕی خۆشەوی ئابدیشی عیسایە، لە ساڵی ( ١٩٠٦ ) لە دایك بووە، یەکێ لە کەسە نزیکەکانی شێخ ئەحمەد بووە دوای کۆتایی هاتنی راپەرینی یەکەمی شێخ ئەحمەد ئەوا خەلیل خۆشەوی درێژەی بە راپەرینەکەی داوە بە تەواوکەری راپەرینی شێخ ئەحمەد دادەنرێت . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : سیامەند محمود سێلکی، کاروانێ سەرفرازیێ، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠٠٦، ل

(٤) مسعود بارزانی، س . پ، ل٤٣ .

ئینگلیز و موتەسەریف ئامادەن بێن بۆ ناوچەکە و چاویان پێ بکەوێت لە گوندی ( هوستان ) بە مەرجێك ( ٣ ) چەکدار زیاتری لەگەڵدا نەبێت[١].

لەو کاتەدا ئەو گوندە فەوجێکی تەواوی سوپای حکومەتی لێ بوو شێخ ئەحمەدیش متمانەی پێ نەهات داوای کرد شوێنێکی تر دیاری بکرێت دوور لە سوپا دیارە شێخ نورەدینیش دڵنیا بوو لەوەی کە حاکمی سیاسی لەم مەرجەی خۆی نایەتە خوارێ[٢] دوو رۆژ پاش گەڕانەوەی شێخ نورەدین هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا دەستی بە بۆردومانی ناوچەکان کرد، لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ( ١٩٣٢ ) شێخ ئەحمەد ناچاربوو بەرەو شێروان و مزوری بالا پاشەکشە بکات دواتر حکومەت توانی هێزەکانی خۆی بباتە ناوجەرگەی بارزان، پەڕینەوە بەرەو رووباری روکوچك و گەیشتنە شێروان، شێخ ئەحمەدیش بە خۆی و هێزەکانیەوە بەرەو گوندی زێت پاشەکشەیان کرد بۆ ئەوەی ئامادەباشی بکەن بۆ چوونە ناو خاکی تورکیا[٣].

بەر لە رۆیشتنیان ناوبرا ( شێخ محەمەد سدیقی برای لەگەڵ حاجی تەهای ئامێدیی کە کەسێکی باوەڕ پێکراوی شێخ ئەحمەد ) بوو لە ( ١٩٣٢/٦/٢٠ ) رەوانەی ( گوندی گرانە کرد و لە خاکی کوردستانی تورکیا کە گوندێکی هۆزی گەردییە ) بۆ ئەوەی کارئاسانیان بۆ بکەن لەکاتی رۆیشتنیان بۆ ناو خاکی تورکیا[٤]، لەهەمان کاتدا هێزەکانی حکومەتیش هاتنە ناو شێروان بەیارمەتی فڕۆکە جەنگیەکانی بەریتانیا بۆردومانی ناوچەکەیان کرد، بەڵام هێزی بەرگری بەسەرکردایەتی سەرکردەیەکی بەهێز و لێهاتوو توانی بەرپەرچیان بداتەوە[٥].

دووای دوو رۆژ واتە لە ( ١٩٣٢/٦/٢٢ ) شێخ ئەحمەد و ژمارەیەك لە بارزانیەکان خۆیان دایە دەست هێزی تورکیا، ئینجا حکومەت توانی دەست بەسەر تەواوی ناوچەی بارزان دابگرێت و سوپا و پۆلیسی تێدا دامەزرێنێت[٦]، حکومەتیش بەر لەوەی شێخ ئەحمەد خۆی رادەستی

---

(١) سەردار محەمەد عەبدولرەحمان و هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو، س . پ، ل٥٦ .

(٢) مسعود سەرنی، س . پ، ل٦٣ .

(٣) رۆژ عەبدوڵڵای عادل ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لە نێوان ساڵانی ( ١٩٣١ – ١٩٤٦ )، ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە )، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، بڵاونەکراوە، ٢٠١٠، ل٤٥ .

(٤) د. واحد عومەر محێدین، دانوستاندنەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکومەتەکانی عێراق ( ١٩٢١ – ١٩٦٨ )، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل

(٥) سەردار محەمەد عەبدولرەحمان و هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو، س . پ، ل٥٧ .

(٦) م.س. لازاریف، مێژووی کوردستان، ( وەرگێڕانی : هوشیار عبداللە سەنگاوی )، پێنجەمین چاپ، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٨٠ .

هێزەکانی تورکیا بکات لە ڕێگەی لێپرسراوی خۆیەوە داوای لە هەردوو حکومەتی تورکیا و ئێران کردبو ئەگەر هاتوو شێخ ئەحمەد و لایەنگرانی هانایان هێنایە بەر خاکی ئێوە ئەوا پێویستە شێخ ئەحمەد و لایەنگرانی دەست بەسەر بکەن، تورکیاش ڕازی دەبێت بەو بیانویەی کە گوایە لەو کوردانەن لە ساڵی ( ١٩٣٠ ) لە ئازارن شۆڕشێك هەڵگیرساندبوو پاشان هانیان بۆ شێخ ئەحمەد بردووە[١].

بۆیە کاتێك بارزانیەکان پەڕینەوە بۆ ناو خاکی تورکیا ئەوا لە لایەن تورکیاوە دەست بەسەر کران، شێخ ئەحمەد و هەریەك لە حاجی تەهای ئامێدی و هەندێ کەسی تر بۆ ئەنقەرا گوازرانەوە خێزانەکانیشیان بۆ ئەرزەروم بەشێکی تری خێزانی بارزانیەکان ڕاپێچی عێراق کردەوە[٢].

---

(١) ڕۆژ عەبدوڵلای عادل ئەرگوشی، س . پ، ل٤٥ .

(٢) مسعود بارزانی، س . پ، ل ل٤٢-٤٣ .

## ئەنجام

لە ئاكامی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا كە لەسەر راپەڕینی یەكەمی بارزان بە رابەرایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی ( ١٩٣١ – ١٩٣٢ )، ئەنجام دراوە توێژینەوەكە دەگاتە چەند ئەنجامێك گرینگترینیان ئەمانەن :

١- لە رووی جیۆ سیاسیەوە كوردستان بە گشتی و ناوچەی بارزان بە تایبەتی بەهۆی سەختی و سروشتی ناوچەكە ، گرنگیەكی زۆری هەبووە بۆ بەرگری كردن بەرامبەر دوژمنان، لە هەمان كاتدا نزیكی لە سنوری نێودەوڵەتیەوە لەكاتی نەمانی بەرگری و پەڕینەوە بۆ ئەو دیوی سنور، وەك شێخ ئەحمەد بەهۆی كەمی هێزی بەرگری و نەبوونی كەرستەی جەنگی پێویست، بڕیاری دا بە پەڕینەوە بۆ سنوری توركیا.

٢- هیچ عەشیرەتێك نیە بەناوی بارزان، بەڵكو ناوی بارزان دەگەڕێتەوە بۆ ناوی گوندی بارزان لە ناوچەی قەزای زێبار.

٣- ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەد بە تەواوكەری راپەڕینەكانی پێش خۆی دادەنرێت، ئامانجی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی كورد و مافە نەتەوەییەكان بووە، ناوچەی بارزانیش بەهۆی سەختی سروشتەكەوە نیمچە سەربەخۆ بووە و هەوڵی داوە نەكەوێتە دەست بێگانەكان، بۆیە شێخ ئەحمەد رووبەڕووی بڕیارەكانی حكومەت بۆتەوە لە دانانی بنكەكانی پۆلیس لە بارزان، نیشتەجێكردنی ئاشوریەكان بەستنەوەی بە مەركەزیەتی حكومەتەوە بەمەش لەلایەن حكومەتەوە كۆمەڵێ بیانوی نابەجێیان خستۆتە پاڵ شێخ ئەحمەد وەك، لادان لە ئاینی ئیسلام، حەلاڵ كردنی گۆشتی بەراز و هاندانی هۆزەكان... هتد.

٤- ئەنجامێكی گەورە و دیاری ئەم لێكۆڵینەوەیە لە ئەنجامی ئەو دیاردانەی سەرەوەدا دەردەكەوێت كە بارزانیەكان لە بواری جەنگیدا كەسانی شارەزا و زیرەك بووینە و لە شەڕی پارتی زانیدا نمونە بوونە، سەرەڕای هاندانی هۆزەكان لەلایەن حكومەتەوە بەلاّم بە هێز و چەكێكی كەم بەرگەی هێزی حكومەت و هۆزە كوردییەكان ( زێبار – برادۆست – رێكان ) نەیارانی خۆیان گرتووە.

**٥- نەبوونی یارمەتی دەرەکی رۆڵێکی گرنگی دەبینی لە شکست پێهێنانی راپەڕین و بزوتنەوە سەربەخۆ خوازەکانی کوردی وەك راپەڕینی شێخ ئەحمەد سەرەڕای بەهێزی سوپای عێراق، پاڵپشتی وڵاتی بەریتانیا بۆ حکومەت و فڕۆکە جەنگیەکانی رۆڵێکی گرنگی بینی لە بۆردومانکردنی گوندەکانی بارزان، هاوکاری وڵاتانی دراوسێی عێراق ( تورکیا – ئێران ) لە داخستنی سنور لەبەردەم بارزانیەکان بۆ ئەوەی بکەونە دەست حکومەتەکەیان و دواتر دانەوەیان بە حکومەتی عێراق.**

# لیستی سەرچاوەکان


## یەکەم : بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان

١- ڕاپەرینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی هەردوو حکومەتی فرەنسا و بەریتانیادا ( ١٩٣١ – ١٩٤٩ )، ( وەرگێڕانی : د. نەجاتی عەبدوڵلا )، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٢- د. عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ( وەرگێڕانی : کامەران جەمال بابان زادە )، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٣- کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا، دووەمین بەرگ، هەولێر، ٢٠١٤.

## دووەم : نامە و تێزە زانکۆیەکان

أ- بە زمانی کوردی

١- ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لە نێوان ساڵانی ( ١٩٣١ – ١٩٤٦ ) : ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیە )، نامەی ماستەر لە کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠، بڵاونەکراوە.

٢- عبدالخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە و حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردیدا ( ١٩١٩ – ١٩٤٥ ) : ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیە )، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣- هەڵبەست عبدالرحمان توفیق، توانستە جوگرافیەکانی گەشەپێدانی چالاکی گەشت و گوزاری لە قەزای مێرگەسور : ( لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای گەشت و گوزاری )، نامەی ماستەر، لە کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢.

ب- بە زمانی عربی

١- خليل مصطفى عثمان الاتروشي، كوردستان الجنوبية ( العراق ) في سنوات الاحتلال و انتداب البريطانيين ( ١٩١٨ – ١٩٣٢ )، رسالة ماجستر، غير منشورة، كلية الاداب، جامعة دهوك، ٢٠٠٥.

**سێ یەم : یاداشت**


١- ئەحمەد خواجە، چیم دی، دووەمین چاپ، چاپ وبلاْوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٣.


**چوارەم : کتێبەکان**

أ- به زمانی کوردی


١- بازیل نکیتین، کوردناسیی، ( وەرگێڕانی : د. نەجاتس عەبدوڵلاْ )، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢- پاول شیسمەن و د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، ژیان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی، ( وەرگێڕانی : کازم شەدادی )، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- حەسەن ئەرفەع، کوردەکان، ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیە )، ( وەرگێڕانی : سەردار محەمەد )، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٥- حەیدەر جەوهەر ئەحمەد، ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بارزانی مستەفا لە شیعری چەند شاعیرێکی کورد دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانیٚ، دهۆك، ٢٠٠٩.

٦- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ( وەرگێڕانی : ئەبوبەکر خۆشناو )، دووەمین چاپ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٧- ڕەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا ( ١٩٥٨ – ١٩٧٠ )، دووەمین چاپ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٨- ڕێکاریٚ فرویری، سەربورا تراژیدیێن بارزانیان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٩- سەردار محەمەد عەبدولرەحمان و هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو، ئەتڵەسی مێژوویی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٠- د. سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١١- سەلام حەوێز ئیسماعیل، کوردستانی باشور لە شۆڕشی چەکداریەوە بۆ راپەرینی ئازاری نەوەد و یەك، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠١١.

١٢- سيامەند محمود سێلكی، كاروانێ سەرفرازیێ، چاپی یەكەم، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٣- شڤان علی حەجی ئادەم توڤی، مەلا مصگفی بارزانی و دزانین و پەروەردا ئیسلاما پیرۆز، چاپخانەی زاگرۆس، دهۆك، ٢٠٠٤.

١٤- شەوكەت مەلا ئیسماعیل حسن، رۆژانێ ل مێژوویی، شۆڕشی ئەیلول، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٥- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، ( وەرگێڕانی : م. هەژار )، سێ یەمین چاپ، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٦- عەبدولرەحمان مەلا حەبیب ئەبوبەكر، عەشیرەتی بارزان لە نێوان سالانی ( ١٩٣١ – ١٩٩١ )، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠١.

١٧- عبدالمنعیم غولامی، سێ قوربانیەكە، ( وەرگێڕانی : ئیحسان شێروانی )، دەزگای چاپ و بلاوكراوەی ئاوێز، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٨- عەبدوللا غەفور، بارزانم چۆن دیت، چاپخانەی ئاپێك، ستۆكهۆلم، ١٩٩٥.

١٩- د. عەرەفات كەرەم ستونی، ژیانی ئاینی لە نەهری بۆ بارزان، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

٢٠- د. عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی كوردستان، ( وەرگێڕانی : فەرید ئەسەسەرد، چوارەمین چاپ، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢١- عەلائەدین سەجادی، شۆڕەشەكانی كورد و وە كورد و كۆماری عێراق، چاپخانەی ئەتڵەس، تاران، ٢٠٠٥.

٢٢- عەلی اصغر احسانی، بارزانی و پاشەكشێی بارزانیەكان لە بیرەوەریەكانی ئیحسانی دا، چاپخانەی خانێ، دهۆك، ٢٠٠٨.

٢٣- د. عوسمان عەلی، چەند لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی كورد، ( وەرگێڕانی : كامەران جەمال بابان زادە )، چاپی یەكەم، چاپخانەی رێ نوێ، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٤- د. فەرەیدون نوری، بزاڤی بارزانی، دەزگای چاپ و بلاوكراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢٥- فەرید ئەسەسەرد، ریشەی بیروباوەڕی بارزانیەکان، دووەمین چاپ، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٦- قەدری جەمیل پاشا، دۆزی کوردستان، سێ یەمین چاپ، دەزگای چاپ و بلاّوکراوەی بیر، دیاربەکر، ٢٠٠٧.
٢٧- کرمانج چالی و حازم سافیا و رازی دل، دەرگەهەك بو ناساندنا جینوسایدا بارزانیان د ناڤبەرا سالێن ( ١٩٧٥ – ١٩٩١ )، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٨- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ( وەرگێڕانی : حەمە کەریم غارف )، شەشەمین چاپ، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١١.
٢٩- کۆمەلێك مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.
٣٠- لازاریف، مێژووی کوردستان، ( وەرگێڕانی هوشیار عەبدوللاّ سەنگاوی )، پێنجەمین چاپ، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١٣.
٣١- محمد بریفکانی، چەند راستییەکی مێژوویی لەبارەی بارزانیەکان، ( وەرگێڕانی : چەپەر )، ب. ش، ١٩٩٢.
٣٢- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، بەرگی یەکەم، ( وەرگێڕانی : سەعید ناکان )، دهۆك، ١٩٩٨.
٣٣- مسعود سەرنی، ژ کەلتورێ بارزانی نەمر، چاپخانەی خانێ، دهۆك، ٢٠١٣.
٣٤- مەعروف چیاوك، کارەساتی بارزان و زوڵملێکراو ١٩٥٤، ( وەرگێڕانی : ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل )، دووەمین چاپ، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٥- مەعروف قەرەداغی، بارزان و نهێنیەکانی، چاپخانەی مەعارف، بغداد، ١٩٥٩.
٣٦- مەلا ئەیوب، پێداچونەڤەك ل مێژوویا بارزان ( ١٨٢٠ – ١٩١٤ )، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٣٧- مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، چەند راستیەکی مێژوویی لەبارەی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شۆڕشەکانی دیکەی بارزان تا ١٩٤٥، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ٢٠٠١.

٣٨- د. مهدی محمد قادر، هەولێر لە ساڵانی ( ١٩٢٦ – ١٩٣٩ )، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٣٩- میر بەسری، ناودارانی کورد، ( وەرگێڕانی : عەبدولخالق عەلائەدین )، دووەمین چاپ، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤٠- نجف قلی پسیان، لە مەهابادی خوێناوییەوە تا کەنارەکانی ئاراس، ( وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف )، دووەمین چاپ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١.

٤١- نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و راپەڕین و شۆڕشەکانی لە ( ١١٦٩ – ١٩٩٥ ز )، چاپخانەی نەجم سەنگاوی، ب. ش، ٢٠١٤.

٤٢- هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان ( جوگرافیا – دیروك – کەلتوور )، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.

٤٣- هەندرێن قادر خەلیفانی، دلۆپێك لە کلتوری بیری بارزانی نەمر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ب. س.

٤٤- د. واحد عومەر محێدین، دانوستاندنەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکومەتەکانی عێراق ( ١٩٢١ – ١٩٦٨ )، سلێمانی ٢٠٠٦.

ب- بە زمانی عربی

١- أيوب بارزاني، المقاومة الكردية الاحتلال ١٩١٤ – ١٩٥٨، دار النشر حقائق العشرف، جنيف، ٢٠٠٢.

٢- بي رە ش، بارزان و حركة الوعي القومي الكرديي ( ١٨٢٦ – ١٩١٤ )، د. م، ١٩٨٠.

٣- جليلي جليل و م.س لازاريف و م.أ حسرتيان و شاكر محويان و أولغا جيغالينا، الحركة الكردية في المصدر الحديش، ( الترجمة : د.عبديي حاجي )، الطبعة دار الرازي، بيروت، ١٩٩٢.

٤- حسن مصطفي، البارزانيون و حلركات بارزان ١٩٣٢ – ١٩٤٧، الطبعة ثانية، بغداد، ١٩٨٣.

٥- زوبير بيلال أسماعيل، شورات البارزان ١٩٠٧ – ١٩٣٥ الطبعة وزارة الثقافة، أربيل، ١٩٩٨.

٦- د. سروة أسعد صابر، كوردستان الجنوبية ١٩٢٦ – ١٩٣٨، السليمانية، ٢٠٠٦.

٧- شاكر خصباك، عيراق الشمالي، دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣.

٨- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الطبعة ثلاثية، منشورات مكتبة القظية عربية، بيروت، ١٩٨٢.

٩- عبدالعزيز العقيلي، تأريخ حركات بارزان الاولى عام ١٩٣٢، بغداد، ١٩٥٦.

١٠- عزيز حسن بارزاني، الحركة القومية الكرديية التحررييية في كردستان العراق ( ١٩١٤ – ١٩٤٥ )، المطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢.

١١- الحميد جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥ – ١٩٣٢، ( الترجمة : د. مؤيد ابراهيم السونداوي، مؤسسة ذين، سليمانية، ٢٠٠٦.

١٢- كاوس قفطان، الانتفاضات البارزانية : صفحات من تاريخ الحركة الكردية في النصف الاول من القرن العشرين، الطبعة، الثانية، المطبعة وزارة التربية، أربيل، دون تاريخ طبع.

١٣- محسن محمد المتولي، كرد العراق منذ العرب العالمية الاولى عام ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق عام ١٩٥٨، بيروت، ٢٠٠١.

## پێنجەم : توێژینەوە و وتار

أ- توێژینەوە:

١- ئەحمەد شەریفی، بارزانیەکان لە زانستنامەی دنیایی ئیسلامدا، هەولێر ( گۆڤار )، ژمارە ( ٧ )، هاوینی، ٢٠٠٧.

٢- د. شێرزاد شەفیع بابو بارزانی، شێخ ئەحمەدی بارزان، بابەتێکە لە چوارچێوەی کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان کە ئەکادیمیای کوردی ئامادەی دەکات. ( لای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەستدەکەوێت ).

٣- فاخر عالی عابکر، مێژووی بارزان و ڕاپەڕینەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، مێژوو ( گۆڤار )، ژمارە ( ٢٧ )، هاوینی ٢٠١٣، هەولێر.

ب- وتار

١- ئەدهەم بارزانی، بارزانیەکان عەشیرەت نین، ئاوێنە ( ڕۆژنامە )، ژمارە ( ٢٠٩ )، سێشەممە، ٢٠١٠/٢/٢.